# تیۆرییەکانی پۆلێنبەندیی ئەدەب
# لە نێوان ڕۆژگاری کۆن و سەردەمی هاوچەرخدا

د. حەیدەر جەوهەر ئەحمەد
(زانکۆی پزیشکی هەولێر)
( ١- ٢ )


ئەگەر هێزی تێڕوانینمان لەسەر پۆلێنبەندی کۆبکەینەوە و بیخەینە ناو تانوپۆی تێگەیەکی وردەوە، ئەوە دەشێت بەوە بگەین، کە پۆلێنبەندی کردەیەکی ژیرییە و بە بیرکردنەوە و بەراوردکردن و شیکردنەوە پەیوەستە بۆ ڕێکخستنی شتەکان، بەمەبەستی کۆکردنەوەی لێکچووەکان و جیاکردنەوەی ناکۆکەکان و ئامادەکردنیان بەشێوەیەکی ڕێکخراو، ئەمەش پشت بە سەرنجدانی قووڵ و خوێندنەوەی ورد و خستنەڕووی دیاردەیەک دەبەستێت بۆ وێنەکێشانی پێکهاتە و تایبەتمەندی و ڕەگەزە سەرەکییەکانی، کە دواجار پرۆسێسی پۆلێنبەندی دەبێتە چوارچێوەیەکی ڕوون بۆ پۆلپۆلکردن و دابەشکاری و نموونەڕێژکردن بەمەبەستی ئاسانکاری بۆ تێگەیشتن لە هەر دیاردە و سیستمێک بە ڕوونی و پوختکراوەیی، هەر بۆیە پۆلێنبەندی، یان پۆلێنکردن بە یەکێک لە ئەرکەکانی ژانرە ئەدەبییەکان لەقەڵەم دەدرێت، «گرنگترین تایبەتمەندیی زانست ئەوەیە، کە دەتوانێت شتەکان پۆلێن بکات. ئەم کردارە لە ئەدەبیاتدا بە هۆی ژانرە ئەدەبییەکانەوە جێبەجێ دەکرێت. بەم جۆرە ژانرە ئەدەبییەکان یەکێکە لە لقە زۆر گرنگەکانی ئەدەبیات. لەم ساڵانەی دواییدا، کە تێڕوانینی زانستی باڵی بەسەر هەموو لایەنە هزرییەکانی مرۆڤدا کێشاوە، ژانرە ئەدەبیەکانیش زیاتر بوونەتە جێگەی بایەخی توێژەرانی ئەدەب» (١)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە پۆلێنبەندی ڕێگەیەکە بۆ کۆکردنەوەی ڕاستییەکان و خستنەڕووی ژانرە ئەدەبییەکان بە شێوەیەکی زانستییانە.

دیارە لەناو کایەی ئەدەبیدا، ژانرەکان یەک جۆر پۆلێنبەندیی جێگیریان نییە، هەر بۆیە لێرەدا هەرە سەرەکیترین پۆلێنبەندییەکانی ژانری ئەدەبی دەخەینەڕوو:

## پۆلێنبەندیی ئەدەب لە سەردەمی کۆندا

بەپێی توێژینەوەکان یەکەمین جار ئەفلاتوون (٤٢٧- ٣٤٧ پ.ز) لە کتێبی (کۆمار)دا بەشێوەیەکی سەرەتایی ئاماژە بۆ پۆلینبەندیی ئەدەبی دەکات و


چەند بەشێکی لە یەکتر جیادەکاتەوە، «ئەفلاتوون یەکەم کەس بووە، کە بایەخی بە ژانرە ئەدەبییەکان داوە و جیاوازی لەنێوان وەسف و نمایش و جۆری سێیەمدا کردووە، کە لە هەردووکیان پێکدێت» (٢)، ئەوەی جێگەی ئاماژەیە ئەوەیە، ئەفلاتوون ڕاستەوخۆ باسی سێ ژانرە ئەدەبییەکەی نەکردووە و ئاماژەی بە پێکهاتەکانیان نەداوە، بەڵکوو تەنیا باسی سێ پۆلی شیکاری کردووە، کە دەشێ بەسەر چالاکییە گوتارییەکاندا دابەش بکرێن، ئەوانیش بریتین لە (گێڕانەوە، نمایش، تێکەڵ) (٣)، بەڵام توێژەران هاتوون ئەم سیانەی ئەفلاتوونیان (تەئویل) کردووە بە (داستان، دراما، لیریک)، ئەمە لەکاتێکدا ئەفلاتوون نەهاتووە بپرسێت ئایا داستان چییە؟ یان تراژیدیا و کۆمیدیا چین و تایبەتمەندییەکانیان بەر ڕووناکی بدات؟ ڕوونیان بکاتەوە و شیکاری بۆ هەر یەکەیان بکات و بیانخاتەڕوو.




ئەرستۆ (٣٨٤- ٣٢٢ پ.ز) لە (هونەری شیعر)دا ژانرەکانی پۆلێن کردووە، پۆلێنکارییەکەشی لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی و دابەشکاری خەڵک بۆ چینی خانەدان و چینی خواروو ڕۆناوە، کە (تراژیدیا، کۆمیدیا، داستان) دەگرێتەوە، هەریەک لەو ژانرانەش زمان و شێواز و جەماوەری خۆی هەبووە (٤)، ئەم پۆلێنکارییە دواتر بە پۆلێنکاری سیانەیی ئەرستۆیی ناسرا، بەمەش لەسەردەمی کۆندا ئەدەب بۆ سێ ژانری سەرەکی پۆلێن دەکرێت، ئەم پۆلێنکارییەش «لەسەر بنەمای شێواز، یان ناوەڕۆک، یان فۆرم بنیادنراوە، نموونەی ئەمەش بریتییە لە پۆلێنە سیانییەکانی ئەرستۆیی وەک: درامی، داستانی، لیریکی» (٥)، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە ئەرستۆ باسی لیریکی نەکردووە، بەڵکوو ئەمە هەڵەیەکە و بەدرێژایی مێژووی ژانرەکان لەلای توێژەران دووبارە بووەتەوە (٦). (جینیت، د.ت: ٢٠- ٢١) واتە ئەرستۆ لیریکی بە ژانرێکی سەربەخۆ دانەناوە.

جان ماری شیفیر (١٩٥٢) ئاماژە بەوە دەکات، کە نەیتوانیوە یەک ڕای کاربڕ لەسەر کێشەی تیۆریی ژانرەکان پێشکەش بکات، بۆیە چەند پۆلێنکردنێکی خستووەتەڕوو، کە لەدوای پۆلێنکارییەکەی ئەرستۆ بۆ تیۆریی ژانرەکان متمانەیان لەسەر کراوە، ئەوانیش لەمانەی خوارەوەدا کورت دەکرێنەوە: (٧)

١. **سیستمی پۆلێنکردنی** درەختی بۆ جیاکردنەوەی توخم و ژانرەکان، بەناوبانگترین دانەری ئەم پۆلێنکارییە (دیۆمید Diomede)ـە، کە لە (کۆتایی سەدەی چوارەم) ئەم پۆلێنکارییەی خستووەتەڕوو و جیاوازی لە نێوان سێ ژانری سەرەکی و هەشت ڕەگەزدا کردووە، هەروەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕوون کراوەتەوە:



ئـەم پۆلێنكارییـە، لەسـەردەمە جیاوازەكانـدا هەندێک گۆڕانكاری بەسـەردا هاتووە، بەشـێوەیەک بەشـێكی ژانـر و ڕەگەزەكانـی ڕووبەڕووی سـڕینەوە هاتـوون، هـەروەک لـە خشـتەكەدا دەبینیـن كاتێـک ژانـرەكان بـە شـێوەیەكی گشـتی بەسـەر سـێ ژانـری سـەرەكیدا دابـەش كـراون:

| | | |
|---|---|---|
| گێڕانەوە | تێكەڵ | لاساییكردنەوە |

كەچـی دەبینیـن لـە (سـەدەی پێنجـەم) لای (بروكلـوس) گۆڕانـكاری لـە ژمـارەی ژانـرەكان ڕوودەدات و ژانـری تێكـەڵ دەسـڕێتەوە و بـەم شـێوەی لێدێـت:

| | |
|---|---|
| گێڕانەوە | لاساییكردنەوە |

پاشـان لای (جـان دوگارلانـد) لـە (كۆتایـی سـەدەی یـازدە و سـەرەتای سـەدەی دوازدەم) جارێكی دی ژانـری تێكـەڵ دادەنرێتـەوە و دەبێتەوە سـێ ژانـرە سـەرەكییەكە، ئەمـەش بەشـێوەیەک لـە شـێوەكان سـەرچاوەكەی بـۆ تێڕوانینەكانـی ئەفلاتـوون دەگەڕێتـەوە، كـە جیـاوازی لەنێوان سێ ڕێگـەدا كـردووە، ئەوانیـش بریتیـن لـە: گێڕانـەوە، تێكـەڵاو، لاسـاییكردنەوە.

**٢. ئامـاری ئەزموونـكاری:** ئامـاری ئەزموونـكاری دەسـەڵاتێكی بەرفراوانـی لـە چەرخەكانـی كـۆن و كلاسـیزم و ڕۆشـنگەریدا هەبـوو، بـە پێچەوانـەی پۆلێنـی درەختـی، یـان پێكهاتەیـی، كـە كەمتریـن هەسـت دەخەنـە پێشـەوە لـە دانانـی ئـەو پۆلێنـە ژانرییانـە، بەمـەش پۆلێنـكاری ئامـاری ئەزموونكاریـی ئـەو پۆلێنانـە قبـوڵ دەكات وەک ڕاسـتییەكی ڕوون، لەڕێـی گەڕانـەوەی بـۆ ژانـرە كێشـەدار و تێكـەڵاوەكان.

**٣. هەڵوێسـتی پێوانەیـی:** لـە هەمـوو كاتەكانـدا ئاسـان نییـە، كـە هەڵوێسـتی پێوانەیـی لە هەڵوێسـتی پۆلێنـكاری جیابكرێتـەوە، كـە بەشـێوەیەكی گشـتی پەیوەسـتە بـە كۆنیـی پۆلێنكردنـی (لـی سـیلین)، كـە هەمیشـە بانگەشـەی ئـەوەی دەكـرد، ڕەوایەتییەكـەی لەنـاو منداڵدانـی (چـەق)دا دەدۆزرێتـەوە، ئەمـەش بـەو مانایـە دێـت، كـە زۆربـەی پۆلێنكارییـە ژانرییـەكان بـە تیۆرێكـی پێوانەیـی لەقەڵـەم دەدرێـت، بـۆ نموونە ئەمە لـە كارەكانـی (هـۆراس)دا بەدی دەكرێت، كـە ئامانجی دانانـی تیۆریـی شـیعر و تیۆریـی ژانـر نییـە، بەڵكـوو پێدانـی ئامـۆژگاری كردارییـە بـۆ بەدەسـتهێنانی چەند كارێكـی سـەركەوتوو. بەدەربڕینێكـی دی ئامۆژگارییـە لـە پێنـاو خوێندنەوەیەكـی ڕەخنەیـی سـەركەوتوودا، ئەمـەش گریمانـەی هەبوونـی پێوانەیەكـی تـەواوە، دواجـار هەڵوێسـتی پێوانەیـی بـەرەو وێناكردنێكـی ناوەرۆكـی ئاراسـتە وەردەگرێـت، بەمـەش شـوێنی گونجـاو بریتییـە لـە ناوخـودی سروشـتی ژانـرەكان.

**٤. هەڵوێسـتی ئاستەكانی شـێوازگەری:** هەڵوێسـتی ئاسـتەكانی شـێوازگەری بایەخێكـی سـێنترالیزمی لـە سـەرتاپای مـاوەی سـەدەكانی ناوەڕاسـتدا هەبـوو، تـاڕادەی ئـەوەی توانی دەسـەڵات بەسـەر پۆلێنكارییـە ژانرییەكانـی دیكـەدا بگرێـت، ئەمـەش بەندیـواری بـە ئاسـتەكانی شـێوازگەرییەوە هەیـە، كـە خـۆی لـە گوێڕایەڵـی شـیعرییەت بـۆ ڕەوانبێژییەكـی تایبـەت دەبینێتـەوە، لـەم بارەیـەوە (سیسـرۆن) جیاوازیـی لەنێـوان سـێ ئاسـتی شـێوازدا كـردووە، كـە بریتیـن لـە ئاسـتی نـزم و ناوەنـد و بـەرز، ئـەم دابەشكارییەی سیسـرۆن لە سـەدەكانی ناوەڕاستدا لە چوارچێوەیەكی شـیكاری لـە بـواری ئەدەبیـدا خزمەتـی كـردووە.


## پۆلێنبەندیی ئەدەب لە سەردەمی نوێدا

هەرچەنـدە یۆهـان گوتـێ (Johann Goethe) (١٧٤٩ - ١٨٣٢) ئـەدەب لەسـەر بنەمـای ڕوونـی

دەربڕین و خرۆشانی دەروونی و تاکایەتی پۆلێن و لەیەکتر جیا دەکاتەوە، بەڵام هەرخۆی زوو ئەم بنەمایە هەڵدەوەشێنێتەوە و ئەوە دەخاتەڕوو، کە دەشێ هەموویان لەناو ژانرێکدا کۆببنەوە، «شیعر لە سێ جۆر زیاتر تێپەڕ ناکات؛ جۆرێکیان بابەتەکە بە ڕوون و ئاشکرایی دەردەبڕێت. جۆرەکەی دی لە جۆش و هەڵچوونە دەروونییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەوەی دیکەش کارێکی تاکەکەسیی بەرجەستە دەکات، ئەمانەش دەربڕی داستان و لیریک و درامان. ڕەنگە ئەم سێ جۆرە بە یەکەوە لە شیعرێکدا کۆببنەوە، یان پەرشوبڵاو بن. زۆرجار دەشێ بەیەکەوە بە تێکەڵاوی لە شیعرێکی کورتدا ببینرێتەوە و لە پاڵ یەکبوون و کۆبوونەوەیان لە یەک شوێندا ببێتە مایەی دروستبوونی هونەرێکی زۆر جوان.

لە تراژیدیی کۆنی یۆنانیشدا سەرەتا دەبینرێت، کە هەر سێ جۆرەکە تێکەڵاوی یەکترن و پاشتر بەرە بەرە و بە ڕێکییەکی تایبەت لە یەکتر جودا بوونەتەوە (٨)»، بەمەش گوتێ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە داستان بابەتە خۆسەپێن و چیرۆک و ڕووداوەکان بە ڕاشکاوی دەخاتەڕوو، لیریک لەسەر بنەمای مۆنۆلۆگ و خۆدواندنەوە جێکەوتی خۆی بەسەر هەستەکانی وەرگردا بەجێ دێڵێت، دراماش دەستوپەنجەی لەگەڵ تاکەکەس و دیالۆگدا نەرم دەکات و کاری لێ دەکات.

فریدریک هیگڵی فەیلەسووف (Friedrich Hegel) (١٧٧٠-١٨٣١) ئەدەب بەسەر دوو ژانری سەرەکیدا پۆلێن دەکات و پێی وایە لە ئەنجامی بەیەکداچوونیان گۆڕانکاری دێتەکایەوە و ژانری سێیەم دەردەکەوێت، کە یەکەمیان داستانییە، دووەمیان لیریکییە، لە ئاکامی بەیەکداچوونی ئەم دوو ژانرەدا، ژانری دراما دروست دەبێت، هاوکات شیعری درامی بۆ دوو شێوە دابەش دەکات، کە تراژیدیا و کۆمیدیایە، لە ئەنجامی بەیەکداچوونی تراژیدیا و کۆمیدیا، درامای هاوچەرخ دەردەکەوێت (٩)، ئەمە ئەوە دەردەخات، کە بنەمای دراما لە بەیەکداچوونی داستان و لیریک هاتووەتەکایەوە، بەوەی دراما ڕەگەزی چیرۆکی لە داستان وەرگرتووە، مۆنۆلۆگ و تاکەدەنگی و تاکزمانی لە شیعر خواستووە و گۆڕیویەتی بە دیالۆگ و فرەدەنگی و فرەزمانی، هەروەک لەم هێڵکارییەدا ڕوون کراوەتەوە:




ئێرنست بۆڤێت (Ernest Bovet) (١٨٧٠-١٩٤١) بەشێوەیەکی قووڵ پۆلێنکاری ژانرەکان پەیوەست بە پەرەسەندنی مێژووی هزر و قۆناغە جیاجیاکانی ڕۆشنبیری مرۆڤایەتییەوە دەکات، هەروەک لەم بارەیەوە دەڵێت: «ژانری لیریکی پەیوەستە بە قۆناغی لاویەتیی مێژووی هزری مرۆڤەوە پەیوەستە و ژانری داستان بە قۆناغی کامڵبوونەوە پەیوەستە و شانۆیش بە قۆناغی پیرییەوە پەیوەستە.» (١٠) لێرەوە ژانری لیریک دەبێتە دەربڕی سەردەمی گەنجی لە مێژووی گەشەی هزری مرۆڤایەتی و داستان دەبێتە گوزارشتکاری قۆناغێکی بەرزتر لە هزرین، دواجار شانۆنامە دەست بەسەر دواقۆناغدا دەگرێت، کە سەردەمی دوا وێستگەی تەمەنی شارستانیەتی مرۆڤایەتییە.

پۆلێنکارییەکی دیکە هەیە، لەلایەن (فیلیپ

ڤان تیگەم- Philippe Van Tieghem (١٨٣٩ - ١٩١٤)ـەوە خراوەتەڕوو، ئەم نووسەرە ژانرە ئەدەبییەکان بۆ ژانری گەورە و بچووک و ئاوێتە پۆلێن دەکات و بەم شێوەیە ڕیزبەندییان بۆ دەکات و پێی وایە ژانرە ئەدەبییە گەورەکان ئەمانە لەخۆدەگرن: ئا- داستان و ڕۆمان، بێ - تراژیدیا و کۆمیدیا. ژانرە ئاوێتەکان دابەش دەکاتە سەر ئەمانە: کۆمیدیای تراژیدی، شانۆی شوانکارەیی. ژانرە بچووکەکان لەمانەدا کۆ دەکاتەوە: شوانکارەیی، لیریک، تەنز* (١١). لەپاڵ ئەم ژانرە بچووکانەشدا ئاماژەی بە چەندان بنژانری دیکە داوە هەروەک، بالاد** (١٢)، ڕۆندو (١٣)***، ئیپیگرام**** (١٤)، تەنز (١٥).

هەر لەبارەی پۆلێنکارییەوە د. ڕەشید یەحیاوی کۆمەڵێک پۆلێنکردنی ڕیزکردووە لەسەر بنەمای ئەو پێوەرانەی پشتیان پێ دەبەسترێت، یان ئەو ئامانجەی بۆی دەچێت، کە ئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە (١٦):

١. پۆلێنکردنی ناوەرۆکی: ئەمەش پشت بە بابەتە بنەڕەتییەکە دەبەستێت.

٢. پۆلێنکردنی سێکوچکەیی، کە لە گشتییەوە بۆ تایبەتی دەچێت و (Klaus Hempfer) نوێنەرایەتی دەکات.

٣. پۆلێنکردنی شێوازگەری بۆ ژانرە ئەدەبییەکان بۆ پۆلێنی ئەرستۆیی دەگەڕێتەوە، بەشێوەیەک، کە ژانر بۆ ئاستی شێواز بەرز دەبێتەوە، ئەم جۆرە پۆلێنکردنەش (لابی سی ڤانست) نوێنەرایەتی دەکات.

٤. پۆلێنکردنی ئاماری: ئەم جۆرە پۆلێنکردنە داوای دانانی خشتەیەک دەکات بە ژمارەی ئەو ژانرانەی هەن، بە نموونە پۆلێنکردنی (Jolles).

٥. پۆلێنکردنی هەڵبژاردنی شیکاری، کە پشت بە بەراوردکردن لەنێوان دوو جۆری نزیک دەبەستێت بە ئامانجی زەقکردنەوەی خاڵی تەبایی و جیاوازی لە نێوانیاندا، هەروەک ئیخنباوم و شکلۆڤسکی کاریان لەسەر کردووە، بە تایبەتی لە بواری ژانری ڕۆمان و کورتە چیرۆکدا.

٦. پۆلێنکردنی تەواوکاری، کە ئۆستن وارین پەیڕەوی دەکرد.

٧. پۆلێنکردنی پێکهاتەیی، ئەم جۆرە پۆلێنکردنە هەریەک لە تزڤیتان تۆدۆرۆڤ و جیرار جینێت نوێنەرایەتییان دەکرد، کە تێیدا دیالۆگیان لەگەڵ بنەمای پۆلێنکردنەکانی پێشوو دەکرد، بە ئامانجی پێشنیازی پۆلێنکردنێکی جێگرەوە.

یەکێک لە پۆلێنکارییە زۆر باوەکان، کە لەلای زۆربەی میللەتان بەرچاو دەکەوێت ئەو پۆلێنکارییە دوانەییەیە، کە لەسەر بنەمای زمان و میوزیک ژانرەکان پۆلێن دەکات، ئەم پۆلێنکارییەش «لەسەر بناغەی زمان دانراوە و پێوانەیەکی بنەڕەتییە بۆ دەستنیشانکردنی ژانرەکان لە چوارچێوەی دوانەی بەناوبانگی شیعر و پەخشان. (١٧)»، لەلای عەرەبەکان بۆ یەکەمین جار ئەبوو هیلالی عەسکەری ئاماژەی پێ داوە، هەروەک دەڵێت: «ئاخاوتن توخمێکی گەورەیە و دوو ژانری بچووکی لێ جیا دەبێتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە شیعر و پەخشان» (١٨)، بۆیە ڕەخنەگران زمان و میوزیک بە ڕەگەزێکی گرنگ لە جیاکردنەوەی نێوان شیعر و پەخشان دادەنێن، لەم بارەیەوە د. محەمەد مەندوور (١٩٠٧- ١٩٦٥) پێی وایە میوزیک لە شیعردا «نەهاتووەتە ناوی، لە هیچ هونەرێک وەرنەگیراوە، لەبەر ئەوەی لە خودی ئامرازی دەربڕینی شیعرەوە هەڵقوڵاوە،

که ئەویش زمانە، میوزیکای شیعری بە یەکێک لە ئامرازە ناسکەکان دادەنرێت، کە زمان خاوەنداریەتی دەکات بۆ دەربڕین لە سێبەری مانا و شێوەکانی، سەرەڕای دەلالەتی وشە و ئاوێتەبوونی زمانی، لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین ئاوازداری بەمانای میوزیکی شیعری لەوەدا پوخت بکەینەوە، کە میوزیک لەو پێوەرانەیە، کە هونەری پەخشان لە شیعر جیادەکاتەوە، بەڵام بە مەرج، ئەویش ئەوەیە نابێ وای دابنێین، کە ئاوازداری تاکە پێوەرە بۆ جیاکردنەوە لە نێوان ئەم دوو هونەرەدا. (١٩)»

لای کورد، ئەم پۆلێنکارییە بۆ یەکەم جار شێخ نووریی شێخ ساڵح (١٨٩٦- ١٩٥٨) بەر ڕووناکی داوە، کە تێیدا جیاوازی نێوان زمانی شیعر و پەخشانی وەک ڕۆمان و شانۆنامە و وتار دەکات و ئاماژە بە پێگەی تایبەتی شیعر لەناو ئەدەبیات دەدات و پێی وایە بەهۆی زمانە مێتافۆرییەکەیەوە لە شیعردا ڕەهەندەکانی مانا فراوانتر دەبێت، دواجار هێما بۆ خەیاڵ و خوازە و جووڵەی ڕوح و داهێنان و جوانی و شیعر و شاعیر دەکات، هەر بۆیە «شێخ نووریی شێخ ساڵح لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بە یەکەمین ڕەخنەگر لەقەڵەم دەدرێت، کە ئەدەبی بەسەر شیعر و پەخشاندا دابەش کردووە» (٢٠)، لەم بارەیەوە شێخ نووری خۆی دەدوێت و دەڵێت: «فقط لەبەینی شعر و ادبیاتدا فرق زورە ادبیات و صنعت و خەتابە ناویکی عمومیە بەهەمو محصولات فکریە دراوە بلام بە شعرنا، چونکە معنایکی واسعی نیە. مثلا وختیک کە رۆمانیک، تیاترۆیک اثاریکی ادبیەت خوێندەوە او تاثیرە بدیعی یە کە بوت حاصل ابیت لە شعرا نیە کوابو همو شعریک لە اثاری ادبیە معدودە بلام همو اثریکی ادبی شعر نیە، بەلکو شعریش شعبەیەکی ادبیاتە بە اثارەکە حسیاتە تاثرات روحیە ایفادە اکا و خیالات ومجازات رەنگاورەنگەوە مزین بی (شعر) و بەو کسەی ام نوعە اثارانە دەهینیتەوە الین شاعر، و لە اثاری ادبیەدا بەو خاصیە کە حرکت روحیە و هیجانی بدیعی حاصل اکا دلین شعر. (٢١)»
ئەگەر ئەم جۆرە پۆلێنکارییە بۆ سەردەمی خۆی بە کارێکی گرنگ دابنرێت، بەڵام بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار، مەرج نییە بە بایەخداری بمێنێتەوە. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم جۆرە پۆلێنکردنە لە ڕووی زانستییەوە لاوازیی پێوە دیارە، ئەمە لە کاتێکدا لە سەردەمی هاوچەرخدا شیعر تێکەڵ بە پەخشان بووە و پەخشان بەناو شیعردا چووە، بە شێوەیەک «مەودای نێوان ژانری شیعر و ژانری پەخشان کەم بووەتەوە، تەنانەت وای لێ هاتووە شیعر بووەتە پەخشان و پەخشان بووەتە شیعر. (٢٢)».

لەسەردەمی نوێدا، بەپێی چەندان بنەمای جۆراوجۆر ئەو ژانرانە وەک بنەمای پێکهاتەی ڕێزمان و جێناوە کەسییەکان پۆلێن دەکرێن، «ڕۆمان یاکوبسن (١٨٩٦- ١٩٨٢) ڕایگەیاند، کە قەسیدەی شیعری لیریکی بریتییە لە جێناوی یەکەمین کەسی تاک لە کاتی ڕانەبوردوودا، لەکاتێکدا داستان بریتییە لە جێناوی سێیەمین کەسی نادیاری تاک لەکاتی ڕابوردوودا. (مَن)ی گێڕەرەوەی داستان لە گۆشەنیگای دەرەوە وەک سێیەمین کەسی نادیار دەردەکەوێت.» (٢٣)

میخائیل باختین (Mikhail Bakhtin) (١٨٩٥ – ١٩٧٥) بایەخێکی تایبەتی بە ژانرەکان دەدات و زاراوەیەکی تایبەتی وەک زاراوەی (کۆمەڵناسی ژانرەکان sociology of genres) دێنێتە

ئاراوە، لە تێڕوانینی زمانناسییەوە لە ژانرەکان دەڕوانێت و بەسەر دوو جۆر ژانری سەرەکیدا دابەشیان دەکات، کە بریتین لە ژانرە گوتارییە سادەکان و ژانرە گوتارییە ئاڵۆزەکان. باختین پێی وایە ژانرە ئاڵۆزەکانی وەک ڕۆمان و شانۆگەری و چیرۆک، دەتوانن شێوە ئاڵۆزەکان و ژانرە سادەکان هەرس بکەن، بەمەش ئەم ژانرە سادانە کاتێک دەچنە ناو ژانرە ئاڵۆزەکانەوە، ئەوە دەگۆڕێن و دەبنە خاوەن خاسییەتی تایبەتی (٢٤).

جان پۆل سارتر (Jean Paul Sartre) (١٩٠٥ -١٩٨٠) لەسەر بنەمای میوزیکەوە مامەڵە لەگەڵ ئەدەب دەکات و بەسەر چەند کۆمەڵەیەکی لەناوچوو و گۆڕاو پۆلێنیان دەکات: (٢٥)، (الماضي، ٢٠١٠: ١٠٢ - ١٠٣)

**یەکەم:** شیعری ویژدانی (لیریک) پێشی دەگوترێ شیعری گۆرانی، چونکە لەسەر ئامێرێکی میوزیکییەوە دەگوترێ. هەندێکی دی بە شیعری ویژدانی، یان خودی ناودەبەن، چونکە بە زۆری گوزارشت لە سروشت و هەڵچوونەکانی شاعیر دەکات.

**دووەم:** شیعری داستانی: ئەو شیعرەیە، کە چیرۆکێکی پاڵەوانییەتی نەتەوایەتی دەگێڕێتەوە، داستانیش لە چەند هەزار بەیتێک پێکدێت.

**سێیەم:** شیعری درامی: ئەو شیعرەیە، کە لە سەر شانۆ نمایش دەکرێت، ئەم جۆرە شیعرە بەهۆی هاتنە پێشەوەی پەخشان لەناوچووە، کە دواجار درامای هاوچەرخی لێ پەیدا دەبێت.

**چوارەم:** شیعری فێرکردن: ئەو شیعرەیە، کە ئامانجەکەی فێرکردنی حەقیقەتەکانە.

ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە، سارتر جیاوازی لەنێوان ژانر و شێوازدا نەکردووە، بەوەی شیعری فێرکردنی وەک ژانر هەژمار کردووە، چونکە شیعری فێرکردن بە ژانرێکی سەربەخۆ لەقەڵەم نادرێت، بەڵکوو ڕاستییەکەی ئەوەیە شیعری فێرکردن دەچێتە ناو بازنەی شێواز، نەوەک بە ژانر دابنرێت.

نۆرسراپ فرای (Northrop Frye) (١٩١٢ -١٩٩١) پۆلێنکارییەکی سەرنجڕاکێش لەسەر بنەمای سروشتی هەر چوار وەرزەکانی ساڵ و قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دەخاتەڕوو، کە شانۆیی و پاڵەوانی و داشۆرین (هجاء) و لیریک دەگرێتەوە «فرای هەریەک لەم ژانرانە بە یەکێک لە وەرزەکانی ساڵ و کاتەکانی ڕۆژ و شەو دەبەستێتەوە، کە دیارخەری قۆناغێکی مێژووی ژیانی مرۆڤن. بەهار و کازیوەی بەیان بەرانبەر بە لەدایکبوون و تەمەنی منداڵین، هاوین و نیوەڕۆ بەرانبەر بە لاوێتی و خەزان، ڕۆژئاوابوونیش بەرانبەر بە تەمەنی پیری و مردن، زستان و شەویش بەرانبەر بە لەناوچوون و ئاوابوونە، هەریەک لەم قۆناغانەش لەگەڵ ژانرێکی ئەدەبیدا دەگونجێت.

بەهار بەرانبەر بە ڕۆمانسە، هاوین بەرانبەر بە ئەدەبیاتی شوانی و ئەدەبی زارەکان و خەزانیش بەرانبەر بە تراژیدی و شین، زستانیش بەرانبەر بە داشۆرینە. بە بڕوای ئەو سەردەمەی ئەمڕۆمان زستانی ژیانی مرۆڤە و ژانری ئەدەبیی زاڵیش بریتییە لە تەنز.» (٢٦) ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە فرای بەرگێکی بایەخداری بە تەنز و داشۆرین و کۆمیدیادا کردووەتەوە، جگە لەمەش فرای ژانرەکان و سروشت و پێداویستییەکانی دەروونی مرۆڤ بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

نزیک لەم تێڕوانینە، دەبینین (هیدسۆن) دەرکەوتنی ژانرەکان بە خواست و هاندەرە ناوەکییەکانی مرۆڤ لە ڕۆژگارە جیاجیاکاندا شەتەک دەدات و بەسەر چوار جۆریاندا پۆلێن دەکات (٢٧):

**١. ئارەزووممان لە گوزارشتی ناوەکی، یان خودی، بووە مایەی هاتنەئارای شیعر.**

**٢. بایەخدانمان بە خەڵکی و بە کاروبارەکانیان، بووە هۆی سەرهەڵدانی شانۆنامە.**

**٣. بایەخدانمان بە دنیای واقیعی، کە تێیدا دەژین و بەو خاڵەش کە دەیگوێزینەوە بۆ نێو واقیع و بوون، بووە هۆی سەرهەڵدانی هونەری چیرۆک.**

**٤. خۆشەویستیمان بۆ (وێنە) وەک ڕەنگدانەوەی ژیان و وەک ئەوەی ژیانی خۆمانی تێدا دەبینین، بووە مایەی خوڵقاندنی ئەدەب بەگشتی وەک قەوارەیەکی سەربەخۆ»، کەواتە بەلای (هیدسۆن) ـەوە پێویستی هەژموونەکانی ناخی نووسەر ڕۆڵی سەرەکی لە دیزاینکردنی ژانرە هەمەجۆرەکانی ئەدەب لە نێو خەیاڵی نووسەردا دەبینن و لە ڕێگەی فۆرمی هەمەچەشنەوە بۆ وەرگری دەگوێزنەوە.**

**پەراوێزەکان:**

(١) (شمیسا، ١٣٨٧: ١٧)
(٢) (غزول، ١٩٩٣: ١١٠)
(٣) (شیفیر، ٢٠١٥: ٨)
(٤) (القصراوي، ٢٠٠٩: ٧٢٨)
(٥) (عبدالهادي، ٢٠٠٩: ٩٦١)
(٦) (جینیت، د.ت: ٢٠-٢١)
(٧) (شیفیر،٢٠١٥: ١٧-٢١)
(٨) (کوب،١٣٦٠: ٧٠)
(٩) (الماضي، ٢٠١٠: ٩٧)
(١٠) (کوب،١٣٦٠: ٧١)

(١١) * لە ئەدەبی یۆنانی بە (Satir) ناسراوە، ئەم جۆرە شیعرە بە شێوازێکی بایەخداری ئەدەبی خاوەن زمانێکی تایبەت دادەنرێت، کە بە شێوازێکی تەنزئامێز دەردەبڕێت، کەچی لەسەردەمی نوێ و هاوچەرخدا بە پەخشان گوزارشتی لێ دەکرێت. «پێکەنینی ساتیری، جیاواز لە کۆمێدیا، ئامرازێکە بۆ پێکانی ئامانجێکی دیاریکراوی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی، تەنانەت تاکەکەسیتی. ئامانجی وەپێکەنین خستن لە ساتیردا شتێک نییە، بێجگە لە هەوڵدانێکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی ئەدەبی و زمانی بۆ بردنە ژێر پرسیاری کەسێک، باوەڕێک، یان دیاردەیەک.» بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ئەحمەدزادە، ٢٠١٨: ٨٣)

(١٢) ** جۆرە شیعرێکی لیریکی و گێڕانەوەی داستانی لەخۆ دەگرێت، کە گێڕانەوەکەی بە شێوەی لیریکییە و بە بەرهەمێکی کورت دادەنرێت، ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە ڕووداوەکە گرنگ نییە، بەڵکوو ئەوەی گرنگە ئەو هەستەیە، کە دەیبزوێنێت و ئەو هزرەیە دەیخاتە زەینی وەرگر، پاشان لای ڕۆمانسییەکان زیاتر گەشەی سەند. گرنگ ئەوەیە، کە لای یۆنانییەکان بە کۆڕاڵ دەگوترایەوە، دوای ئەوە گۆڕانی بەسەرداهات و زیاتر بۆ نەمرکردن و پیرۆزبایی ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵ و سەرکەوتن لە جەنگەکان دەگوترا، لە سەردەمی نوێ لە چوارچێوەی لیریکی فەلسەفی و نیشتمانی دەمێنێتەوە و پەرەدەستێنێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (هاڵبێرگ،٢٠١٠: ٦١)

(١٣) *** جۆرێک شیعری کورتی لیریکییە و بە سەبژانری لیریکی دادەنرێت.

(١٤) **** ئیپیگرام بن ژانرێکی لیریکی کورتی پڕ لە ژیرییە، لە بارەی کەسێک، یان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەنووسرا. کاتێک شاعیر ڕەخنەی لێ بگیرابایە، یان هێرشی بکرابایە سەر، ئەوە بەم ژانرە داکۆکی لەخۆی دەکرد.

(١٥) (تیغیم،١٩٨٣: ٦٤ – ٧٠)
(١٦) (یحیاوي، ٢٠١٦: ٦٧ – ٨٠)
(١٧) (عبدالهادي، ٢٠٠٩: ٩٦١)
(١٨) (العسکري، ١٩٨٤: ٧٩)
(١٩) (مندور، ١٩٨٠: ٢٧)
(٢٠)(ئەحمەدزادە، ٢٠٢١: ٨-٩)
(٢١) (م. نوری، ١٩٢٦: ٤)
(٢٢) (رشام، ٢٠١٧: ٧)
(٢٣) (ولیک و وارن، ١٩٩٢: ٣١٦- ٣١٧)
(٢٤) (باختین،١٣٩٠: ٥)
(٢٥) ( الماضي، ٢٠١٠: ١٠٢- ١٠٣)
(٢٦) (شمیسا، ١٣٨٧: ٤٤)
(٢٧) (ئەسوەد، ٢٠١١: ٤٣).